دوای بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆی ئەشکەنجەی منداڵێک وەزارەتی تەندروستی هاتە دەنگ

وەزارەتی تەندروستی لەسەر بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆیەک هاتە دەنگ.

وەزارەتی تەندروستی لە سەر بڵاوبوونەوەی گرتە ڤیدیۆیەک کە تێیدا مافی منداڵێکی تازە لە دایکبوو لە یەکێك لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان پێشێل دەکرێت، بە دواداچوون و لێکۆڵینەوە دەکات، تیمکانی پشکنین و بەدواداچوون هادسپەردرێت بە گرتنبەری کاری یاسایی بەرامبەر نەخۆشخانەکە و ئەو کەسانەی ئەو تاوانە ئەنجام دەدەن.

لە ڤیدیۆکەدا کە رۆژی شەممەی رابردوو بڵاوکرایەوە، دوو ئافرەتی پەرستار لە یەکێك لە نەخۆشخانە تایبەتەکانی شاری هەولێر دەرکەوتن کە ئەشکەنجەی منداڵێکی تازە لەدایکبوو دەکەن، ئەمەش بووە هۆی تووڕەیی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و داوای لێپێچینەوەیان کرد.